لە هەولێر ئافرەتێک دەستگیرکرا کە کاری جادووگەری دەکات

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر رایگەیاندووە، پۆلیسی هەولێر تۆمەتبارێکی ئافرەتی بە ناوی (ک. ا. م) لەدایکبووی (1987) دەستگیر کرد، کە هەڵساو بە ئەنجامدانی سیحر و جادوو و فاڵگرتنەوە و چەندین کاری تری نەشیاوی ئەنجام داووە و بە سەدان کەسی هەڵخەڵتاندووە.

پۆلیسی هەولێر دەڵێت، تۆمەتبارە ئاماژەپێکراو، کە دانیشتووی شاری هەولێرە، لەپێناو بەرژەوەندیی مادیدا ئەو کارانەی کردووە، بەبێ گوێدانە لایەنی کۆمەڵایەتی و تێکدانی شیرازەی خێزان، کە پارێکانیشی زیاتر لە ٣٠گای کارتی بانکییەوە وەرگرتووە.

ئەم کارانە لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەکراون و هەر کەسێک کاری لەم شێوەیە ئەنجامبدات، ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.